# ** داهاتووی کەرکووک**

وەرگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف

گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی ئێراق،پێوەندییەکانی دەرەکی وڵاتانی ناوچەی وەبن کارتێکەری خۆ داوە.
ئێران لەبەر چالاکییەکانی ناقۆکی،لە لایەن ئەمریکاوە بەردەوام وەبەر گوشار و هەڕەشە دەکەوێ.
دۆسیەی تێرۆری ڕەفیق حەریری(ش) ،سوریای تووشی هەمان گرفت و گێچەڵ کردووە. تورکیا بۆ بێ ئاکام هێشتنەوەی چالاکی و جم و جوڵی PKK لە چیای "قەندیل" لە لایێکەوە لە پێوەندی لە گەڵ ئەمریکایە و لەو لاشەوە گەرەکیەتی خۆ لە مەسعود بارزانی ،سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان،نێزیک بکاتەوە. دوا بە دوای توندبوونەوەی هەڕەشە و گورەشەی واشینگتۆن لە تاران،ئێران خۆی لە تورکیاوە نزیک دەکاتەوە. تاران بۆ گژ PKK دا چوون، وێڕای دانی پێشنیازی هاریکاری بە ئەنقەرە،باس لە بەرەو ڕووبوونەوە دەگەڵ هێزەکانی PKK لە ناوخۆی خاکی خۆ دەکات.
وەزیری هەندەرانی ئێران، "مەنوچەری موتەکی"، لە گەڕیانی سەردانەکەی بۆ ئەنقەرە،دەگەڵ تەواوی ڕێبەرانی پێشوو و ئێستای تورکیا ،دیدار و دیمانەی کرد. موتەکی وتی: کەس ناتوانێ لە باکووری ئێراق، کوردستانی سەربەخۆ پێک بێنێ.

موتەکی: کەس ناتوانێ لە باکووری ئێراق،کوردستانی سەربەخۆ پێک بێنێ

ئەو هەروەها وتی: ئێران و سوریاش وەک تورکیا نەیار و دژ بە دامەزرانی کوردستانی سەربەخۆ لە ئێراقن. ئەرچی تورکیا لە هەڵوێستی ئێران لە هەمبەر PKK و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بە دڵ ڕەزایە،بەڵام سەبارەت بە چالاکییەکانی ناقۆکی ئەو وڵاتە،داوا لە تاران دەکات زێتر تێفکرێ و جارێ ددان بە خۆدا بنێ و بساچێنێ.
ئەنقەرە لە حاند PKK لە لایێکەوە چەمەرای ڕوانگە و بۆچوونی ئەمریکایە کەچی لەو لاوە گەرەکیەتی سەر لە ڕوانگەکانی بارزانی دەربێنێ. خۆ سەرقاڵکردنی تورکیا بە کێشەی PKK ،وادیارە هەلێکی خستۆتە بەردەم سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەتا ئاوڕێکی هەرەقەتی تر لە پرسی کەرکووک بداتەوە. بارزانی لە لێدوانەکەی لە شاری سەلاحەدین، جارێکی دی جەختی کردووە کەرکووک ساڵی 2007 دەخرێتەوە سەر خاکی کوردستان. ئەو کە لە هەموو دەرفەتێ بۆ ناساندنی شاری کەرکووک بە شارێکی کوردی، کەڵک وەردەگرێ،ئێستێ بە پاڵ پشتی مادەی 136*(58)ی دەستووری ئێراق ڕایگەیاندووە کەرکووک بەم زووانەوە دەخرێتە سەر هەرێمەکەی وی. ئەرچی بە گوێرەی مادەی 136 (58)ی دەستووری کاتی ئێراق ، پێش بینی کراوە کاروباری کەرکووک وەک ناوچەیێکی تایبەت بەڕێوە ببردرێ ،لە کاتی ئامادەکرانی ئەو دەستووورەدا، مادەی 136 (58) ی ئەو یاسا لەسەر پێشنیازی بارزانی و بە هەوڵی وی، پەسن کرا. بە گوێرەی ئەو مادە دەبێ ئەوپەڕەکەی هەتا ساڵی 2007 لە کەرکووک دا سەرژمێری بکرێ و پاش ئەو سەرژمێرییەش بۆ ئەو ناوە ڕێفراندۆم ساز بدرێ؛ ئەو ڕێفراندۆمەی چارەنووسی کەرکووک بەو بەنە. هۆی سەرەکی متمانە و ئەرخەیانی بارزانی لە حاند کەرکووک و پەیوەست بوونەوەی بە هەرێمی کوردستان، گۆڕانکارییەکانی دێمۆگرافی و حەشیمەتی ئەو ناوچەیە؛ گۆڕانکاری ئەوتۆ کە وا خەریکە کوردەکان بەرەو زۆرینە دەبات. ئەو ڕەوتە بۆتە مایەی ئەوەی کە هەر لە ئێستاوە دەرەنجامی ڕێفراندۆمەکەی کەرکووک ڕوون بێت. ئەنقەرەش کە پرسەکەی کەرکووکی وەک هێڵی سوور بۆ خۆ دیاری کردووە ،هەتا بە ئێستا نەیتوانیوە لەسەر گۆڕانکارییەکانی ئەو ناوە، شوێن دانەر بێت. ئێستا تورکیا چاوەڕوانە ڕاپرسی گشتی و ڕێفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک و بگرە سەرانسەری ئێراق، بەڕێوە بچێ؛چونکە ڕەنگە لە وا باروودۆخێکدا کەرکووک لە جیاتی ئەوەی بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان،وەک ناوچەیێکی سەربەخۆ بکەوێتە بن چاودێری بەغاوە. باوەکو تورکیا بۆ هێنانە دی ئەو خواستە، پڕ هەوڵ دەدا، لێ وەدی هێنانی، کارێکی گەلێ گران و پڕ زەحمەتە. ئێستا بارزانی بە چەشنێ هەڵس و کەوت دەکات، ئێژی قەولی کەرکووکی لە کاربەدەستانی ئەمریکی وەرگرتووە. تورکمانەکانیش هێدی هێدی هیوا و

ئومێدەکەی جارانیان نامێنێ . ئەوان تێگەیشتوون ئاڵ و گۆڕەکەی سەر حەشیمەتی کەرکووک بە قازانجی کوردان دەچێتە پێش ،هەر ئەو پرسە ئاخرییەکەی لە ساڵی 2007 دا توانەوەی تورکمانەکانی لە نێو کۆمەڵگەی کوردی لێ دەکەوێتەوە. تورکمانەکان دەبێژن پاشی ئەوەی کەرکووک خرایە سەر کوردستانی ئێراق، کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ڕادەگەیینن. سەرۆکی کۆلیژی ئابووری زانکۆی کەرکووک دوکتۆر "ماهیر نەقیب"، ئەڵێ : هەتا کاتێ کەرکووک نەخرێتە سەر خاکی کوردستان، گرووپەکانی سیاسی کورد، وەدووی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ناکەون. ئەوان بە نیازن ئاخرییەکەی کەرکووک بکەنە پێتەختی کوردستان. گەر ئەو خواستەی کوردان بێتە دی، سەدان هەزار تورکمانی کەرکووک کە سەدان ساڵە** لەو ناوەدا دەژین، دەبنە سێ بەشەوە: تاقمێ کە پێیان ناکرێ ئەو ناوە بە جێ بێڵن، بە مانەوە لە نێو کەرکووک دا لە نێو حەشیمەتی کوردان دەتوێنەوە،مابەقی تورکمانەکان یان ڕوو لە بەغا دەکەن یانژی ڕێی تورکیا دەگرنە بەر.
*************************************************************

ژێدەر: ڕۆژنامەی شەرق،15 سەرماوەزی 1384 هەتاوی
بەڕێزێک بە ناو و شۆرەتی " ئایدین فەرەنگی" ئەو بابەتەی لە ڕۆژنامەی "میللیەت"ی تورکی وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی.

---

* نازانم هەڵەکە لەسەر مادەی 58 ی دەستووری ئێراقی ،لە نووسەری تورکە یان وەرگێڕی فارس.
** دەوڵەتی فاشی تورک عومرێکە حاشا لە حەقیقەتێکی ڕوون دەکات و تا ئێستا حازر نەبووە دان بە شوناسی کوردان لە تورکیادا بنێ و بە تورکی شاخستانییان نێو دەبات کەچی لای هەمووان ڕوونە کورد بە هیچ لەونێ نابێژێ کەرکووک ،تورکمان و کلد و ئاشوور و کریستیان و عەرەبی تێدا نییە. ئەوە ساختەی دەس خودی تورکە ڕەگەزپەرستەکانە و دەیانەوێ لەخۆڕا هەرا بنێنەوە و ئاژاوە بگێڕن. پتر لە چواردە ستان و پارێزگەی تورکیا هی کوردانە بەڵام درێخ لە تۆزقاڵە ویژدانێکی مرۆڤانی. ئەو ڕەوتەی مێژوو پێیدا دەچێ بێگومان بە قازانجی تورکان نابێ و لە بەرژەوەندی کەماڵیستییەکاندا نابێت ،هەر بۆیە هەر لە ئێستەوە لەرز دایگرتوون. ئاخرییەکەشی بە دڵنیاییەوە لە بەرامبەر ئیرادەی جەماوەریدا هیچیان پێ ناکرێ و تەنێ هەر سەرشۆڕییان بۆ دەمێنێتەوە.

16 سەرماوەزی 2705 ی کوردی

تاران

---

---